www.kurdistannet.org
19-7-2006 14:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دیاردەی کۆچ بۆ هەندەران سەرهەڵدەداتەوە. ئەگەر بۆ یەک رۆژیش بێت هەر دەبێت برۆم بۆ ئەوروپا –کورە گەنجێکی چەمچەماڵ. چەندین جار دوعای ئەوەمکردووە کوڕێکی هەندەرانی بێتە داوام و شووی پێبکەم- کچە گەنجێکی سلێمانی. ... ئا: ئاسۆ**



کۆچکردن بۆ هەندەران هەمیشە خەونی لاوەکانمان بووە، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لاوان ئومێدو هیوایەکییان پەیداکرد کە وڵاتەکەیان لەدوای ڕوخانی رژێمی سەدام ئارامی و خۆشگوزەرانیی بەخۆوە دەبینی، بەڵام جێگەی داخە بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابووریی و سیاسییەی عێراقی پێدا تێدەپەرێت ئەم خەونانە تادێت دەبنە سەراب و لاوان جارێکی تر خەونی سەفەرکردن دەبێتەوە خولیایان..

هەرچەندە دەسەڵاتداران باس لەچەندین پرۆژە دەکەن بۆ لاوان و بەڵێن و پەیمان بەگەنجان دەدەن کە هەرکارێک لەتوانای حکومەتدا بێت بۆ خزمەتکردنی گەنجان دریغی ناکەن و باس لەوە دەکەن ئێستا بیانووی سەفەر بۆ لاوان نەماوە چونکە کورد هەرەشەی داگیرکاریی لەسەرنییەو خۆی حوکمڕانی خۆیەتی، بەڵام لاوان چەندین نیگەرانی و خەم یەخەی گرتوون و پێیانوایە کە دەسەڵات لەکوردستاندا بایەخ بەلاوان نادات.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا بۆچی لاوانی ئێمە لەهەوڵی گۆڕینی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی وڵاتەکەیاندا بەشداریی ناکەن و پەنا بۆ کۆچ دەبەن؟ چەند گەنجێکی شاری سلێمانی بەمجۆرە وەڵامیان دایەوە:

سامان ڕەزا وتی: من لەو باوەڕەدام گەنجانی ئێمە بەخۆشمەوە بەردەوام چاوەڕوانی گۆچانە سیحرییەکەی موسا دەکەین کە لە چرکەیەکدا هەموو ژیانمان بۆ بگۆڕێت، ئەم شتە قەت ڕوونادات ئەو ئەوروپایەی کە بۆی دەچیت و پێمانوایە بەهەشتی سەرزەمینە لاوەکانیان کردوویانە بە بەهەشت بەڵام بەداخەوە ئێمە لاومان نییە کە هەوڵی گۆڕان بدات.

شنە جەزا وتی: گۆڕانی چی، تۆ بەردەوام قسە دەکەیت و داوا دەکەیت و ڕێپێوان دەکەیت و ئیمزا کۆدەکەیتەوە کەس گوێت لێناگرێت، ئیتر گەنجی قوڕبەسەر چی بکات؟ بەداخەوە ئێمەی کچان ناتوانین سەفەر بکەین، من تەمەنا دەکەم و چەندین جاریش دوعای ئەوەمکردووە کوڕێکی هەندەرانی بێتە داوام و شووی پێبکەم.

ساماڵ عەزیز وتی: گۆڕان دەبێت ئەگەر بیری لێبکەینەوە بەڵام کێشەیەک هەیە ئێمە ئێستا وڵاتی سەربەخۆمان نییە، خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆمان نین تۆ ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆت نەبێت ناتوانی باس لەگۆڕان بکەیت، هەتا ئێستا لە چوارچێوەی وڵاتێکی وەک عێراقداین کە رۆژانە دەیان کەس سەردەبڕدرێن و دەیان بۆمب دەتەقێتەوە، ئەو بارودۆخەی کە هاتۆتە ئاراوە لاوانی ناچار بەبێدەنگی کردووە بۆیە لەئێستادا گۆڕان شتێکی مەحاڵە.

-هەموو گرفتێکی سیاسی و ئابووریی چەندین ڕێگاو شێوازی هەیە بۆ چارەسەرکردنی، ئایا سەفەرکردن دوا چارەسەرە یان ڕێگەچارەی دی هەیە؟ ئەگەر ڕێگە چارەی تر هەیە بۆچی لاوەکانمان نیشتمان چۆڵدەکەن؟ گەنجانی شاری هەولێر وەڵامی ئەم پرسیارەیان بەم شێوەیە دایەوە:

موهەنەد محەمەد: سەفەرکردن و چۆڵکردنی نیشتمان دوارێگە چارە نییە، ڕێگەچارەی دیکە زۆرە بەڵام حکومەت پشتیوانیی گەنجان ناکات، گەنج لەوڵاتی ئێمەدا هەموو ژیانی بەتاڵییە، پارەی پی نییە، ڕێکخراوێک نینە داکۆکیکەر بێت لەلاوان، حکومەت بەس بەتەنیا خەریکی خزمەتکردنی خۆیەتی، کەس بیری لەلای گەنج نییە، بۆیە گەنج بەتووڕە بوونەوە دەڵێت بای بای کوردستان.

دڵدار کەیفی وتی: ئەمن نازانم چ بڵێم، ڕێگاچارە ئەوەیە حکومەت خزمەتی گەنج بکات وئیشیان بۆ بدۆزێتەوە و یارمەتیان بدات، ئەمە ڕێگا چارەیە.

هاونیاز نەوزاد وتی: ئێوەی رۆژنامەنووس کەس نازانێت بەرگریی لەکی دەکەن تۆخوت گەنجی چ ڕێگاچارەیەک هەیە بەگەنجی بلێ، من دڵنیام هەندەران لەهەموو ڕێگاکانی تر باشترە، من ئەگەر کوڕ بومایە لەمێژە لەئەوروپا بووم، من دووساڵە مێردم کردووە، هاوسەرەکەم زۆر حەزی لەسەفەرە من نایەڵم بڕوات دەترسم لەوەی لەهەندەران دەستی کیژێکی بیانی بگرێت و منیلەبیربچێتەوە، ئەگەر پارەمان هەبوایە هەردووکمان دەرۆیشتین، ئیتر ئێوە کوردستانتان خۆش بکردبایە بۆ خۆتان ئێمە نەماندەویست.

-رۆشنبیران کولتوور و ئابوریی بەفاکتۆری کۆچ دادەنێن بابزانین لاوان خۆیان لەمبارەیەوە دەڵێن چی؟

بەسۆز زەنگنە لەکەلار وتی: لای من کێشە ئابوورییەکە فاکتەری گرنگە، نیوەی گەنج پارەی پی نییە نزیکەی 16ساڵ تۆ دەخوێنیت کەچی 150هەزار دینار وەردەگریت بەشی هەفتەیەک ناکات ئەگەر بەرِەزیلیش خەرجی بکەیت، بۆیە چارەسەرەکردنی گرفتە ئابوورییەکە کێشەی زۆری گەنجان چارەسەر دەکات.

گۆران خدر حسێن لەرِانیە وتی: کێشەی ئابووریی ئەگەر چارەسەر بکرێت، کۆمەڵگا لەهەموو رووەکانەوە پێش دەکەوێت، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا چۆن کێشەی ئابووریی چارەسەر دەکرێت مەسئولەکانمان خەمی گیرفانی خۆیانە، گەنج لەوڵاتی ئێمە گوناحترین توێژە لەهەموو شتێک بێبەشە، دەبێتە پۆلیس بە 300 هەزار بایی 500 هەزار تەحیەی پێدەکەن و دەبی بیست و چوار کاتژمێر دەوام بکەیت و دنیایەک دزی گەورە گەورە بە بەردەمتدا دێن و دەچن و بۆت نییە بە گەورەکەت بڵێی گەورەم بۆچی ئەم دزە گەورانە ئازادانە دەسورێنەوە. دەبێتە مرور موچەکەت بەشی کرێ خانووەکەت ناکات، لە فولکەیەک دادەنێن زستان لەسەرمادا رِەقت دەکەنەوە و لەهاویندا لەبەر گەرما هەڵتدەخەن تا بتکاتەوە چونکە زستان بەستبووتی.

خۆ ئەگەر بەسەیارەی بەرپرسی یان دەوڵەمەندە علوجەکان بڵێی موخالەفەت کردووە ئەوا پاک دەتشێلن و لاچاوت دەکەن بەقۆخ و دوایی دەبێت دەست ماچ بکەیت تا لێت خۆشدەبن.

برایم عومەر لە هەڵەبجەیی شەهید دەڵی: ئێمە وەک گەنج گەورەترین گرفتمان کێشەماددییەکەیە، ئەمرۆ پارە بەشی هیچ ناکات، گەنجێک کە بۆتە فەرمانبەر موچەکەی بەشی پارەی چایخانەکەشی ناکات کە تاکە شوێنی بەسەربردنی کاتە هەمیشە بەتاڵەکانی گەنجە، جگە لەوە قەت ناتوانی ژن بهێنی من برادەرم هەیە تەمەنی 37ساڵە تا ئێستا ژنی نەهێناوە و ماچی کچیشی نەکردووە.

ئەو پارەیەی پەیدای دەکەیت نازانی چی پی بکەیت.. وەڵا ئەو مەسئولانەی ئێمە خوای گەورە دەیانگرێت کە ئاوهایان هێناوە بەسەر ژیانی لاوانی ئەم وڵاتەدا.

لەلایەکی ترەوە نازانم سەفەربکەم یان نا، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێشتر چوون بۆ هەندەران کە بۆ سەردان دەگەرِێنەوە بۆ کوردستان زۆربەیان باس لەوە دەکەن ئەورووپاش ئەو بەهەشتە نەبوو کەباسی لێوە دەکرا ئەوێش کێشەوگیروگرفت و خەمی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە نازانم ئەوان چەندە رِاست دەکەن؟



-ژیانی تاراوگەش کۆمەڵێک گیروگرفتی خۆی هەیە و ژیانیش لەوی بی گیروگاز و کێشەنییە بەڵام ئاخۆ ئەو لاوانەی دەیانەوی سەفەر بکەن چۆن لەوە دەرِوانن؟

سۆران ئەحمەد لەدوکان وتی: زۆر خزمم لە هەندەرانەوە کە دێنەوە ئەو قسانە دەکەن، بەڵام پێش ئەوەی کاتی گەرانەوەیان هاتبێت و ماوەی مانەوەیان تەواو بووبی بەپەلە هەڵدێنەوە بۆئەوی.

ئەوان کە ئەو قسانە دەکەن بۆ نایەنەوە بۆ کوردستان کی رِێی لێگرتوون، ئەگەر رِاست دەکەن فەرموون ئەوە کوردستان باوەشیان بۆ دەگرێتەوە.

چنور محسین لەسلێمانی وتی: باوەرِم بەقسەی ئەو کەسانە نییە کە بەحیساب بەیەکجاریی هاتوونەتەوە بۆ کوردستان و جنسییەی وڵاتێکی ئەورووپایان لەگیرفانەو تەمەنێکی زۆریان لە هەندەران بەسەربردووە ئێستاش دەیانەوێت لە هەردوولا بخۆن، لەوی موچەیان هەیە و لێرەش دەیکەنە منەت بەسەرمانەوە و داوای موچەی زۆر و پۆستی گەورە دەکەن.

رۆژگار عەلی لە چەمچەماڵ وتی: یەک ملیۆن قسەی ئاوهام بۆ بکەن لەگوێچکەی رِاستمەوە دەرِوات و لەچەپەوە دەردەچێت، عەقڵی من برِیاریداوە ئەو قسانەی وەرنەگرێت ئەگەر بۆیەک رۆژیش بێت هەر دەبێت برِۆم بۆ ئەورووپا.

ئەکبەر محەمەد لە دەربەندیخان وتی: ئەو کەسانەی وا دەڵێن خۆیان ئامادەنین دەستیان لەگۆڕاندا هەبێت، بۆچی ئەوانیش خەڵکی ئەم وڵاتە نین؟ ئەوان دەیانەوێت خۆیان لەژیانێکی خۆشدابن و ئێمەش ئێرەیان بۆ بکەینە بەهەشت تاکە هاتنەوە لێرەش جەوێکی رۆمانیسییان هەبێت.

من بەوکەسانە دەڵێم خۆ لەئەوروپا کارەبا نابڕێت، ئاویان بەردەوام هەیە، جادەکانیان پڕ نییە لەتاسە، زستان قوڕ ئێزعاجیان ناکات، هاوین تەپوتۆز نایانخنکێنێت، مەسئولەکانیان خزمەتیان دەکەن، لەوی خۆ پێشەکی خانوو نییە، کە ژنت هێنا داوای 60 مسقاڵ ئاڵتونت لێناکەن.

لەوإ فەرمانبەر موچەکەی بەشی ژیانی دەکات، ڕێبێوان بکەی ناڵێن دەستی دوژمنانەو ناتخەنە سجنەوە. لەهەندەران بەبی حیزبیش دەژیت، ئیتر بۆچی هەندەران ناخۆشە، من ئاواتم ئەوەیە بڕۆم و چوار جاریشم لێداوەو داوادەکەم دوعای خێرم بۆبکەن بەڵکو لەم وڵاتە ڕزگارم ببێت.